گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرین

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
: https://doi.org/10.26750/rzjznb84

ڕێـکـەوتـی وەرگـرتـن: 10/09/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 14/11/2024
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 29/12/2025

# کاریگەرێتی گوتاری ڕۆژنامەوانی لەسەر وەرگر لە هەرێمی کوردستان

**بەهادین محەمەد عەبدولرەحمان[1] - دڵشاد عەلی محەمەد[2]**

bahaddin.abdulrahman@spu.edu.iq dr.dlshad@gmail.com

[1] بەشی تەکنیکی میدیا، پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق.

[2]بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عیراق.

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، بابەتێک تاوتوێدەکات کە پەیوەستە بەپەیوەندییەکانی نێوان گوتاری ڕاگەیاندنی کوردی و وەرگران کە کێشەیەکی بنچینەییە لەسەرکۆی پرۆسەکە. بەومانایەی کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەناڕونی ئەو کاریگەرێتیانەدا دەدۆزێتەوە کە ئەو گوتارانە لەسەر وەرگران لە هەرێمی کوردستان دایدەنێت. گرنگترین ئەو پرسانەی کە لەکێشەکەدا خراونەتەڕو بریتین لە:

١-کاریگەرێتی کۆزانین (مەعریفی)ی گوتاری ڕاگەیاندنی کوردی لەسەر وەرگر چییە؟

٢- کاریگەرێتی ڕەفتاریی گوتاری ڕاگەیاندنی کوردی لەسەر وەرگر چییە؟

٣- کاریگەرێتی سۆزداریی گوتاری ڕاگەیاندنی کوردی لەسەر وەرگر چییە؟

توێژینەوەکە بەرێبازی وەسفیی کاری لەسەرکراوە و پشتی بە ڕاپرسی بەستوە و لە ڕێگای ئامرازی ڕاپێوینامەوە ئەنجامدراوە. گرنگترین ئامانجیش گەیشتنە بەجۆر و ئاستی کاریگەرێتیە (کۆزانینی، ڕەفتاری و سۆزدارییەکان).

دیارترین ئەنجامی توێژینەوەکەش، خستنەڕوی کاریگەری جۆراوجۆری ڕاگەیاندنەکانی هەرێمە کە توانیویانە بۆچونی وەرگر لەسەر بابەتێکی مەبەستدار بگۆڕن، یاخود پشتگوێی بخەن، بەگشتی وەرگر بەپێی پەیامی ڕاگەیاندنەکان لەگۆڕانی بەردەوامدا بوە.

کۆمەڵێك پێشنیاریش بۆ ناوەندە ئەکادیمیەکانی ڕاگەیاندن، دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، ناوەندە حکومییەکان و خودی وەرگرانیش خراوەتەڕو تا بتوانن بەشێوەیەکی بەرپرسیارانە و بەپێی پرەنسیپە مرۆییەکانی پیشەکە، مامەڵە لەگەڵ پەیام و فیدباکدا بکەن.

**کلیلە وشەکان**: گوتاری ڕۆژنامەوانی، کاریگەرێتی، وەرگر، هەرێمی کوردستان.

# The Impact of Media Discourse on The Reciepients Kurdistan Region

**Bahaddin Mohammed Abdulrahman[1] - Dlshad Ali Mohammed[2]**

[1] Department of Media Technique, Sulaimani Technical Institute, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

[2.] Department of Kurdish Language, College of Language, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

This research deals with a topic related to the interactive relationships between Kurdish media discourse and its recipients, as they, that is, those relationships, constitute a structural problem on the communication process and what is intended from it, with its societal details and diverse effects. This means that the problem of this research is (the lack of clarity about the different effects and levels that this discourse places on the recipient in the Kurdistan region), through the following basic research questions:

1. What is the type and level of cognitive effects of Kurdish media discourse on its recipients in the Kurdistan region?
2. What is the type and level of behavioral effects of Kurdish media discourse on its recipients in the Kurdistan region?
3. What is the type and level of emotional effects of Kurdish media discourse on its recipients in the Kurdistan region?

The research is considered descriptive research appropriate to discover the nature of the structural variables that it collects, that is, those variables, using the questionnaire survey method to address those basic questions posed in the field,

Among the most important results achieved by the research are:

1. The presence of cognitive, behavioral and emotional effects on the Kurdish recipient by the Kurdish media at different levels.
2. The recipient’s different levels of acceptance of influence according to his educational and cultural background.

**Keywords:** Influence, Media Discourse, Recipient, Kurdistan Region.

## پێشەکی

ئەمڕۆ لەگەڵ پێشکەوتنەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، ئاراستەکردنی گوتاری ڕۆژنامەوانی بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر وەرگر و ئاستی فیدیاکیش بۆ ئەو گوتارانە، گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. فاکتەرەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی هونەری گەیاندنی زانیاری و چۆنیەتی دروستکردنی پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و وەرگرە پەرشوبڵاوەکانی.

گرنگترین تێڕوانین کە دەربارەی ئامرازە نوێیەکان لە ئارادایە، هەر ناردنی گوتار نییە، بەڵکو چۆنێتی مامەڵەی وەرگر و سودبینینە لەو ئامرازانە و کاریگەریی گوتارەکانیانە لەسەر وەرگر.
ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گوتارەکانیدا بۆ وەرگران، بەجۆرێك پەیام دەخەنەڕو، کە وەرگر هان دەدات تا تێڕوانین و ڕەفتارەکانیان لە ئێستا یاخود ئایندەدا بگۆڕن بەپێی ئەو پەیامانەی وەریدەگرن، هەروەها بۆچون و بڕیاردانەکانیان دەربارەی بابەتە جیاجیاکان بەپێی ئامانجی پەیام گۆڕانی بەسەردابێت، تا جەماوەر بخرێتە ئەجێندای جێبەجێکردنی ئەو سیاسەترێژییەی کە ڕاگەیاندنەکان دەیانەوێت. بەمانایەکیتر هەوڵیشدەدەن لە بابەتی کەم بایەخ، بیرۆکەی زۆر گرنگ دروستبکەن، یاخود دۆسییەی هەستیار لەناو جەماوەردا بجوڵێنن، هەرکام لەو ئاراستانەی ڕاگەیاندن بەتەواوەتی لە گوتارەکانیاندا بۆ وەرگر دەبینرێت، ئەم توێژینەوەیش دەیەوێ ئەو مەسەلەیە شرۆڤە بکات.
ئەو کاریگەرێتییانەی گوتارەکانی گەیاندن، لە هەندێک قۆناغ زۆر بەهێزن و وەرگرانیش دەگەێننە ئەو باوەڕەی کە متمانەیان پێبکەن، بەڵام هەندێکجار کاریگەرێتییەکان لاوازە و وەرگر لە وەرگرتنیان خۆدەبوێرێت. وەرگرتن و کاریگەرێتی گوتارە نێردراوەکانی میدیا لەسەر دو ئاستە:
یەکەم: دارشتن و ئاراستەکردنی کەناڵی گونجاو بۆ کاریگەرێتیدانان و ڕەچاوکردنی کات و شوێن.
دوەم: لەسەر ئاستی وەرگران، ئایا ئەو گوتارە دەربڕی بەرژەوەندی و کۆی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی وەرگرە؟ لە کۆی پرۆسەکەدا، ئەوەش کاریگەر و بڕیاردەری کۆتاییە.

**میتۆدنامەی توێژینەوە:**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوە**

کێشەی توێژینەوەکە بریتییە لە نارونی ئەو کاریگەرییانەی کە ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان لەڕێگەی گوتارەوە بۆ وەرگرانی دەهێننە ئاراوە. بۆ تیشکخستنەسەر ئەم کێشەیە، ئەم پرسیارانە دەخەینەڕو:
١- کاریگەرێتی گوتارەکانی ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر وەرگرەکان چ جۆرێکن؟
٢- کاریگەرێتی گوتارەکانی ڕاگەیاندنەکانی هەرێمی کوردستان، لەسەر وەرگرەکانی لەکام ئاستدایە؟

**دوەم: بایەخی توێژینەوەکە:**

١-بایەخی بۆ کۆمەڵگا: ڕاگەیاندنەکان بەناردنی پەیامەکانیان کاریگەرێتی لەسەر وەرگر لە هەرێمی کوردستان دادەنێن، کاردانەوەی وەرگریش کاریگەریی لەسەر پەیامەکانیان هەیە، هەردو پرۆسەکە پێویستی بەتوێژینەوەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەهەندەکانی.
٢-بایەخی زانستی: ئەم توێژینەوەیە بەبەمیتۆدێکی زانستی، هەوڵی خستنەڕوی کاریگەریی گوتاری ڕۆژنامەوانی لەسەر وەرگران دەدات.
٣-بایەخی هاوپیشەیی: توێژینەوەیەکی زانستییە بۆ بەرچاوڕونی ناوەندە ئەکادیمییەکان و دامودەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسان لە کۆمەڵگادا.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە:**

١-خستنەڕوی کاریگەرێتی کۆزانین (مەعریفی)ی گوتاریی ڕۆژنامەوانی لەسەر وەرگر.
٢-تاوتوێی ئاستی کاریگەرێتی ڕەفتاریی لەسەر وەرگر.
٣-تاوتوێی کاریگەرێتی سۆزداری گوتاری ڕۆژنامەوانی لەسەر وەرگری گوتارەکان.

**چوارەم: ڕێباز و ئامرازی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکی جۆرییە و بەئامرازی ڕاپێوینامەوە هەوڵدراوە بۆچونی وەرگران وەربگرین، ئاستی کاریگەریی گوتاری ڕۆژنامەوانی، لە دیدی وەرگرانەوە تاوتوێ بکەین.

-دروستی و جێگیری: بۆ دڵنیابون لە (دروستی)، ڕاپێوینامەکە لەلایەن (پێنج) شارەزا هەڵسەنگێنراوە*، دواتر ڕەچاوی سەرنجەکان کرا، پاش وەرگرتنەوەیان دەرکەوت ڕێژەی دروستی (٩٢٪)ەو ئەوەش لەروی زانستییەوە ڕێگەپێدراوە. بۆ جێگیریش، دوای تێپەربونی (٢١) ڕۆژ بۆ جاری دوەم (٢٠٪) ڕاپێوینامەکان دابەشکرایەوە، دوای وەرگرتنەوەیان بەڕێژەی (٨١٪) هاوڕابون و لەروی زانستییەوە گونجاوە.

**سنوری توێژینەوەکە:**

١-سنوری شوێن: شاری سلێمانی- هەرێمی کوردستان.

٢-سنوری کات: ماوەی یەك ساڵ (٢٠٢٣/١/١-٢٠٢٤/١/١).

٣-سنوری مرۆیی: توێژە جۆراوجۆرەکانی دانیشتوان لە سنوری شاری سلێمانی کە وەرگری گوتاری ڕۆژنامەوانین.

کۆمەڵی توێژینەوە: کۆی چینوتوێژە جیاجیاکانە، مشتەکەی ناهەڕەمەکی و نامەبەستدارە، (٥٧) لە ڕەگەزی نێر و (٣٥) ڕەگەزی مێن.

**چەمك و زاراوەکان:**

کاریگەرێتی: مەبەست لە کاریگەرێتی ناسەنی و ڕەفتاری و سۆزدارییە کە گوتارەکانی ڕاگەیاندنی کوردی لەسەر وەرگرەکان دایاندەنێت.

گوتار: ئەو گوتارانەی ڕاگەیاندنە کوردییەکانە کە ئاڕاستەی وەرگرانی دەکەن.

وەرگر: سەرجەم چینوتوێژەکانی کۆمەڵگایە کە وەرگری پەیامی ڕاگەیاندنی کوردین.

**تەوەرەی یەکەم: چەمک و پێناسەی گوتار و گوتاری ڕۆژنامەوانی**

ئەرکی سەرەکی هەر گوتارێکی ڕۆژنامەوانی، دانانی کاریگەرێتییە لەسەر وەرگران، ئەوەش پشت بەتوانستی (گوتارنێر)و پێزی ناوەرۆکی پەیام و کەناڵ و ژینگەی گونجاو دەبەستێت، پشت بەسەرچاوەو بەڵگەی سەلمێنەر دەبەستێت بۆ کاریگەرێتی لەسەر وەرگر. بێگومان ڕەچاوکردنی فاکتەرەکانی (ژینگەی کۆمەڵایەتی، بەرژەوەندی، ئاستی هوشیاری، هەلومەرجی ژیان) بۆ کەسی وەرگر، لەو پێویستیانەن کە بۆ کاریگەرێتی پەیامەکان دەبێ لەگوتارە نێردراوەکەدا ڕەچاو بکرێت.

خاوەن گوتار بەرلە ناردنی گوتار، دەبێ وەرگرەکانی بناسێت و ڕەچاوی پێگە و بۆچون و بیروباوەڕو هوشیاری و ڕەگەز و تەمەن و جۆری چالاکێتیان بکات(١). گوتاری ڕۆژنامەوانی بە سێ قۆناغ هەوڵی قایلکردنی وەرگرانی دەدات. بڕوانە خشتەی(١)

| خشتەی (١): قۆناغەکانی قایلکاری | | |
|---|---|---|
| 1. بێ گۆڕانکاری بنچینەیی | 2. هەنگاونان بەرەو گۆڕانکاری | 3. چەسپاندنی گۆڕانکارییەکان |
| لەم قۆناغەدا ڕاستەوخۆ هەوڵی گۆڕانکاری لە بۆچونەکانی وەرگردا | کاتێك زەمینەی پرسیارو گومان لای وەرگر ڕەخسا، ئەوکات هەوڵی | گرنگترین هەنگاوە کە نێرەر لەسەر بنەماکانی هەنگاوەکانی پێشو، وەرگر |

| | | |
|---|---|---|
| نادرێت، بەڵکو سەرەتا نێرەر هەوڵی دروستکردنی پرسیارو گومان لای وەرگر سەبارەت بە گوتارەکەی دەدات. | گەیاندنی کرۆکی گوتارەکە لەلایەن نێرەرەوە دەدرێت. ئامانجەکەشی کاریگەرێتییە لەسەر وەرگر بۆ وەرگرتنی گوتار. | ڕەزامەند دەکات تا گوتارەکە وەربگرێت، و لێرەدا کاریگەرێتی ڕوودەدات و وەرگر بە ناوەڕۆکی گوتارەکە قایل دەبێت. |

لە پرۆسەی کاریگەرێتی و قایلکاریدا کە بنچینەی پێکهێنانی کۆدەنگیە، هەروەها هۆکارێکیشە بۆ هێنانەئارای ململانێی نێوان نێرەرو وەرگری گوتار، دەربارەی وەرگرتن یا فەرامۆشکردنی گوتارێکی دیاریکراو* کە لە یەکێك لە ڕاگەیاندنەکانەوە دەخرێتەڕو[٢].

بەهاتنی سەردەمی ڕاگەیاندنی نوێ، شێوازەکانی کاریگەرێتی و قایلکاریش، گۆڕانی گەورە و جیاوازیان بەسەردا هاتوە. ئەو دۆخەش وەرگری ناچارکردوە کە لە وەرگرێکی ناچالاکەوە ببێتە وەرگرێکی چالاك و بەشداری بکات، لەسەرلەنوێ دارشتنەوەی گوتارەکان و لەو ڕێگایەوە گوتارنێر ناچاری ئەوە بکات کە لە دارشتنی گوتارەکانیدا ڕەچاوی بەرژەوەندی و خواستەکانی وەرگر بکات. بەگشتی هونەری قایلکاری، لە ڕاگەیاندندا پشتبەستوە بە بەڵگەو ئاوەزی کراوە. لەو ڕێگایەوە هەوڵ دەدات بەهۆی بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی قایلکاریەوە، وەرگر بە ملدان بەگوتارەکە وادار بکات، هەمو ئەوانەش بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراوی نێرەرو سەرچاوەی گوتارەکەیە[٣].

### ١-پرۆسەی (قایلکاری)ی لە گوتاردا:

کردە و هونەرێکە تێیدا گوتارنێر هەوڵدەدات، بەهۆی پاڵنەری دەرونییەوە، ئاراســتەی بیرکردنەوەو بۆچونەکانی وەرگر بگۆڕێت، بەوەی کە سەرچاوەی گوتارەکە وەك ئامانجێك بۆ خۆی دیاری کردوە. قایلکاری هونەری دانانی کاریگەرێتییە لەسەر وەرگر بۆ گۆڕینی ئاستی (کۆزانینی، سۆزداری و ڕەفتاری)ی وەرگران، بەو شێوازەی کە نێرەر بەرنامەی بۆ داناوە. هەندێك لە توێژەران دەربارەی شێوازی قایلکاری، پێداگری لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بۆ پرۆسەی قایلکاری، پێویستە لە دۆخی دەرونی وەرگر بگەین، دەبێ ڕەچاوی وروژاندنی هەســـتی وەرگر بۆ پێداویســـتییەکانی بکرێت، تا پەیوەندی لەنێوان نێرەرو وەرگردا بسازێت و زەمینەی وەرگرتنی گوتارەکە بڕەخسێنێت، بەمشێوازانە:

ا-بەهێنانەئارای خولیای ڕاڤەکردنی گوتارەکان لای وەرگرەوە.

ب-هەوڵدان بۆ گۆڕانکاری لە تێڕوانین و تێڕامانەکانی وەرگر.

ج-هاندانی وەرگر تا بەبەردەوامی هەوڵی گۆڕانکاری لەخۆیدا بدات.

بۆ ئەم پرۆسەیە، هەردو دەروونناس (ریچارد بیتی و جۆن کاسیبۆ)، ئەم دو شێوازەیان خستۆتەڕو:

-قایلکاری بێ بیرکردنەوە.

-قایلکاری دوابیرکردنەوەیە، لای وەرگری گوتارەکانەوە[٤].

### ٢-پرۆسەی (کاریگەرێتی)ی لە گوتاردا:

هەڵچونێکە لەباری دەرونیی وەرگردا کە بە هۆیەوە تێڕوانینێکی نوێی لا دروست دەکات و لەهەمانکاتیشدا، ئاستی ناسەنی و سۆزداری و ڕەفتاری ئەو دەگۆڕێت، بەرەو ئاراستەیەکی نوێ[٥].


بەبڕوای پسپۆڕان، (کاریگەرێتی) هونەرێکە وا لە وەرگر دەکات ڕەفتارێك بنوێنێت، باوەڕ بە گوتارێك بهێنێت، لەڕێگای گوشارێکی ئاراستەکراوی سۆزداری و ئاوەزیەوە، کە ببێتە هۆکارێك بۆ گۆڕینی بۆچونەکانی بەرانبەر بە ژینگەی دەوروبەرو ئاستی بیرکردنەوەی[٦].

بەبۆچونی شارەزایەکیتری بوارەکە، (کاریگەرێتی) گوتارێك لە ڕێگای دەقێك، قسە، مشتومڕ، وێنە، جوڵە، کاریکاتێر، وشە کاریکاتێر، بۆنێك، ڕەنگێکەوە دەنێردرێت بۆ قایلکردنی وەرگر بە ناوەڕۆکەکەی[٧].

بەگشتی کاریگەرێتی و قایلکردن، وەك کردەیەك بۆ بەردەوامیدان بەخۆی و ڕەهەندەکانی (ناسەنی، سۆزداری و ڕەفتاری)، بەکاردەهێنێت تا بەشێوەیەکی زانستی کار لەسەر کاریگەری خۆی بکات، بەمشێوەیە.

٣-ڕەهەندەکانی کاریگەریتی گوتار لەسەر وەرگران:

کاتێك نێرەرێك (مەبەست لە گوتارنێرە)، هەوڵدەدات بەو کاریگەرێتیانەی لە ڕەهەندەکانی گوتاردا هەیە، هەوڵی گۆڕینی ڕەفتاری وەرگری گوتارەکەی بە(ئەرێنی یا نەرێنی) دەدات تا وەرگرەکەی وادار بکات، بەهۆی ناوەڕۆکی گوتارەکەیەوە بخاتەسەر ئەو هێڵی بیرکردنەوەیە کە تێیدا ئامانجەکانی خۆی بەدیدەهێنێت و ڕەهەندەکانیش بریتین لە:[٨] (بڕوانە سێگۆشەی ڕەهەندەکانی کاریگەریتی).





سێگۆشەی ژمارە(١)ڕەهەندەکانی کاریگەرێتی*

**ا-ڕەهەندی کۆزانین، ناسەنی (المعرفی):**

لەم ڕەهەندەدا، ئەو زانیاریانەی دەربارەی بابەتێك، کێشەیەك، ڕوداوێك، هەواڵێك، کەسێك، کەسایەتییەك و دۆزێك کە لەئارادایە یا دێتەئاراوە، لەبواری کۆزانینیدا کە تێیدا ناوەڕۆکی گوتار بەبەرژەوەندی نێرەری گوتار دەکەوێتەوە. بەو ڕەهەندەی کاریگەرێتی دەگوترێت کۆزانیی.


کۆزانین یاخود ناسەنی؛ بریتییە لە زانیارییە نێردراوە تاقیکراوەکان و ئەزمونەکانی کەسیی وخزمەت بەبابەتێکی دیاریکراو دەکات کە پێشتر تاوتوێ کراوە و سەلمێندراوە و گشتێنراوە، بەمەبەستی تێگەیشتن لە بابەتێکی دیاریکراو، کە بەلای وەرگرەوە مایەی گرنگیپێدانە، بۆ تێگەیشتن لە کرۆکی گوتارێکی دیاریکراوە[٩]. (بڕوانە سێگۆشەی ٢)




سێگۆشەی ژمارە(٢) هەرەمی پێکهاتەی ناسکاری.[٢]

### ب-ڕەهەندی ڕەفتاری:

لە بواری زانستی دەرونی و کردەی گەیاندندا، (ڕەفتار) پێوانەدەکرێت، بەو پێوانەکردنەش هەست بەو گۆڕانکارییانە بکرێت کە لە ڕەفتاری وەرگردا ڕوودەدات، کاتێك گوتارێکی دیاریکراوی لە نێرەرەوە ئاراستە دەکرێت. (بڕوانە سێگۆشەی پێکهێنەری ڕەفتار). لێرەدا کاریگەرێتی ڕەفتاری لەســـەر وەرگر بەشـــێوەیەکە کە وەرگر لەژێرکاریگەری گوتارەکەدا دەشێ ڕەفتاری بگۆڕێت، بەو ڕەهەندە دەگوترێت کاریگەرێتی ڕەفتاری.[١٠]




سێگۆشەی (٣) پێکهێنەری ڕەفتار[٢]

### ج-ڕەهەندی سۆزداری:

نێرەر لە ڕێگای گوتارەکەیەوە هەوڵ دەدات لەروی ســـۆزدارییەوە، ئامانجەکانی بەدەســـتبهێنێت لەســـەر وەرگر، دەربارەی بابەتێك یا ڕوداوێکی دیاریکراو کە لە ناواخنی گوتارەکەیدا وەك ئامانج دیاریکردوە، بەواتایەکیتر کاریگەرێتی نێرەر لەســەر وەرگر لە گوتارێکدا، ســۆزی وەرگر دەجوڵێنێت، ئەو بۆ وەرگرتنی گوتار، ڕەفتارەکانی خۆی بەو ئاراســتەیە دەگۆڕێت. ئەم گۆڕانکارییەش ڕەهەندی سۆزدارییە (بڕوانە سێگۆشەی ٤).




سێگۆشەی ژمارە(٤) پێکهێنەری سۆز[٢]

## چوارەم: گوتاری ڕۆژنامەوانی

زاراوەی گوتار ســـەرەتا لای یۆنانیەکان و ڕۆمانەکان، دواتریش ئەو زاراوەیە لە ســـەدەی چواردەدا هاتۆتە بواری ڕۆژنامەوانی، گوتار بە فەرەنسیـــ (Discourse) و بە دەربڕینە لاتینییەکەیشیـــ (Discursus) خراوەتەڕو کە بەمانای گفتوگۆ، گۆکردن و دەربڕینی ورد هاتوە. لەزمانەکانی تردا لێکدانەوەوی وەك (Descurrer) یا (Discurum)ی بۆ


کراوە کە بەمانای؛ بازدان، ڕاچەنین و ڕو وەرگێڕان هاتوە[١١].ئەو زاراوەیەش جارێکیتر لە ساڵی (١٩٥٢)دا هاتەوە مەیدانی گرنگیپێدان و سەرەتا زمانناسێکی ئەمریکی بەناوی زالیک هاریس (Harris Zellig) لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکەیدا باسی لەوە کردوە کە گوتار هاوشانی زمان، گەورەتر لە ڕستە پێناسە دەکرێت[١٢]. هەروەها بە بۆچونی (بنڤێست) [١٣]یش، گوتار بریتییە لەهەر گۆکردنێك کە پێویستی بە گۆکەرێك (گوتارنێرێك، گوێ بیستێك و وەرگرێك) هەیە، کە لایەنی یەکەم ئامانجی دانانی کاریگەرێتی و گوتارەکەی لە ڕستەیەك یا چەند ڕستەیەك پێك دێت، (میشیل فۆکۆ)ش دەڵێت: گوتار ڕێکخستەیەکە بە شێوازی دەربڕینی ڕێکخراو دروست، کە لە دەقێکی تەواو پێك دێت، کاتێك دەخرێتەڕو[١٤].

گوتاری ڕۆژنامەوانی کردەیەکە لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندنەوە بەهۆی ڕەگەزە جێگرو ناجێگیرەکانەوە، لە نێرەرێکەوە دەنێردرێت بۆ وەرگر کە ئامانج لەوە کاریگەرێتی و قایلکردنی وەرگرە بە گوتارێکی دیاریکراو، گوتارەکانیش بەپێی کات و شوێن و جۆری ئامرازەکان جیاواز دەبن[١٥].

بەبۆچونی (مارڤن هاریس) گوتاری ڕۆژنامەوانی بریتیە لە کۆمەڵێك (یاساو دەستوری زمانەوانی)ی لە وشەو ڕستەو دەستەواژەی بەیەکداچو پێکدێت، بۆ دروستکردن و گەیاندنی گوتارێك، لەڕێی زمانەوە بۆ وەرگر دەخرێنەڕو[١٦]. هەروەها بەلای (جیرار جینیت)یشەوە، گوتار دەقێکی زمانەوانی (نوسراو، گۆکراو، وێنە، وێنەی جوڵاو ڕەنگ و بۆن)هـ، دەخرێتەڕو کە شیکردنەوەو لێکدانەوە بۆ پێکهاتەو ناوەڕۆکەکەی دەکرێت[١٧]. گوتاری ڕۆژنامەوانی دەشێ دەقێك، هێمایەك، ئاماژەیەك، وێنەیەك، ئەندێشەیەك بێت.

هەر گوتارێك لە کۆمەڵێك ئاماژە و هێما پێکدێت کە توێکاری و شیکاری بۆ دەکرێت و ماناکانی لە ژینگەیەکی دیاریکراو و لێکدانەوەی دروستی بۆ دەکرێت، دواجار دەبێتە پردی پەیوەندی متمانەدار لە نێوان نێرەرو وەرگری گوتارێکی ڕۆژنامەوانیدا[١٨].

سەبارەت بەتواناو شێوازە پێویستەکانی بۆ پێکهاتەی گوتاریش، لە پێکهاتەی گوتاردا پێویستە لۆژیکی لەخۆگرتبێت، تا بتوانێ لە ڕێی بەڵگەو سەلماندن، هانی وەرگر بدات لە ڕوی متمانەکردندا بەسەرچاوەی گوتار تا گوتارەکە وەربگرێت.لە ڕوی مانا و ڕێزمانەوە، لەم جۆرەیدا، نێرەری گوتار پێویستە شارەزای دارشتن بێت لە یاریکردن بە وشەو وشەسازیدا، تا مانایەکی تەواو بە گوتارەکە ببەخشێت، کە ڕەچاوکردنی هۆکارێکی گرنگە بۆ وەرگرتنی گوتارەکە جا لە هەر کەناڵێکەوە بێت[١٩]. بڕوانە سێگۆشەی (٥)




## پێنجەم: ئەرکەکانی گوتارنێر

ئەرك بریتییە لە (ناسنامەی بون)ی مەتریاڵەکان. لە گوتاریشدا، گوتاربێژ و گوتارنێران کۆمەڵێك ئەرکی دەکەوێتە ئەستۆ لەئامادەکردن و خستنەڕوی گوتاردا، گرنگترینیان بریتین لە:

١-دارشتن و بەرهەمهێنانی گوتارە جیاجیاکان، بۆ ڕاگەیاندنەکان.

٢-دابەشکردنی گوتارە بەرهەمهێنراوەکان، لەسەربنەمای (تەمەن، ڕەگەز، ئاستی هوشیاری، ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئاین و ئاینزایی و زارو بنەزارەکانی زمان) و پاشان ناردنیان بۆ وەرگر.

٣-ڕەچاوکردنی نەخشە ڕێگای ڕێڕەو (کەناڵ)و گوشاری پشتی کەناڵ و ڕەچاوکردنی کۆی بەرژەوەندیەکانی سەرچاوە و وەرگرانی گوتارەکان[٢٠].

بەگشتی گوتاری ڕۆژنامەوانی شێوازێکە بۆ کاریگەری و قایلکردنی وەرگر، لەرێگای گفتوگۆ، ناردنی دەق، وێنەیەك، هێمایەک، دەنگ و جوڵەیەك بەهۆی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، بەمەبەستی ئامانجێکی دیاریکراو.

گوتاری ڕۆژنامەوانی هەوڵدەدات کاریگەری لەسەر زۆرترین ژمارەی وەرگر هەبێت، پێویستە ڕەچاوی بۆچون و بەرژەوەندی و ئاراستەی تێڕوانین و بیرکردنەوەی وەرگران بکرێت[٢١].

## تەوەرەی دوەم: وەرگرو ڕەهەندەکانی

### یەکەم: وەرگر

لە هەر پرۆسەیەکی گەیاندندا چوار ڕەگەزی سەرەکی هەیە، هەریەك لەو ڕەگەزانە بۆ ناردنی گوتارەکە گرنگن، ئەوانیش بریتین لە (پەیام، نێرەر، ئامراز، وەرگر)، مەبەست لە وەرگر (خوێنەر، بیسەر، بینەر)ە، هەرکەسێك لە پرۆسەی گەیاندنی گوتارێکدا کە لە ڕێگای ئامرازێکەوە ئاراستەی بکرێت بە وەرگر ناودەبرێت، بەدرێژایی مێژو ئاست و جۆرەکانی وەرگر جیاواز بوە و بەپێی هەر قۆناغێکی نوێ کە هاتۆتە پێشەوە گۆڕانکاری بەسەرهاتوە و لە ڕوی پێناسەکردنییەوە پێناسەی جیاوازی بەخۆوەگرتوە. لە مێژوی کۆندا وەرگر ناچار بوە پابەندی (کات و شوێن) بێت، بەڵام ئەمرۆ ئەو تێڕوانینە بەجۆرێکی تر خۆی نمایش دەکاتەوە، لە کۆندا وەرگران لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا بون، بەڵام وەرگری ئەمڕۆ پەرش و بڵاو دور لە یەکترین و ئازادترن لە وەرگرتن یا ڕەتکردنەوەی گوتارە نێردراوەکاندا[٢٢].

سەبارەت بەپێناسی چەمکی (وەرگر)، بە پێی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بە درێژایی مێژو، بە هۆی ئەو پێشکەوتنانەی بەسەر ئامرازەکان، نێرەر و گوتاردا هاتوە، وەرگریش گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، بەو شێوەیەش پێناسەکان بۆ وەرگر گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە[٢٣].

بەپێی بۆچونێك: وەرگر بریتیە لە هەر تاکێك لە تاکەکانی کۆمەڵ، کە دەکەوێتە بەر شەپۆلی پەخشی کەناڵێك لە کەناڵەکانی ڕۆژنامەوانی[٢٤].

پسپۆڕێکیتر پێی وایە وەرگر: بریتییە لەو کەسەی کە بە هۆی ئامانجێکی دیاریکراوەوە لای نێرەوە، دەقێکی ئاراستە دەکرێت، بە مەبەستی کاریگەرێتی دانان و گۆڕینی ڕەفتاری دەربارەی بابەتێکی دیاریکراو[٢٥].

بە تێڕوانینی توێژەر، وەرگر: کەسێك، یا کەسایەتیەك یا چین و توێژێکی دیاریکراوە کە نێرەری گوتار بۆ کاریگەرێتی و قایلکاری، گوتارێکی دیاریکراویان ئاراستە دەکات. لەو ڕێگایەوە پەیوەندیەکیان لەگەڵدا دروست دەکات، بە مەبەستی هاوبەشی پێکردنیان لە دوبارە دارشتنەوەی گوتارەکەیدا، لە ڕێگای ئاوێتەکردنی بەرژەوەندی و خواستەکانیانەوە لەو گوتارەدا، تا قایلیان بکات بە ئەو ئامانجانەی کە خۆی دیاری کردون.

بەمەبەستی ئاشنابون بە ڕەهەندە جیاجیاکانی وەرگریش، بەم چەشنە پۆلێن دەکرێت:

١-لەسەر بنەمای ڕەفتاری: لەمجۆرەیدا، وەرگر لە ڕوی ڕەفتاریەوە دابەش دەکرێت بە:

أ-وەرگری چالاك: بریتین لەو وەرگرانەی بەئاسانی ناچنە ژێرباری گوتارە نێردراوەکان، پێویستی بەوە هەیە کە پاش لێکدانەوەو تاوتوێی زانیارییەکانی ناو گوتارەکان، ئەوکات پەیامەکە وەردەگرێت.

ب-وەرگری مەیلدار: جۆرێك لەو وەرگرانەی کە مەیلیان بۆ وەرگرتنی گوتارە نێردراوەکان هەیەو لە وەرگرتنی گوتارەکاندا زۆر پێداگری ناکەن.

پ-وەرگری دەستەمۆ: بریتین لەو وەگرانەی کە بێ لێکدانەوە گوتارەکان وەردەگرن و مل بۆ تەواوی گوتارە نێردراوەکان دەدەن.

٢-لەسەر بنەمای کۆمەڵناسی: کاتێك باس لەوەرگر دەکرێت، پێویستە گرنگی بە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکەی بدرێت، لە ڕوی تەمەن، ڕەگەز، پیشە، ئاستی خێزانی، پێگەی کۆمەڵایەتی، ئاستی داهات، ئاستی هوشیاری، سنوری جوگرفی ژیان، ئایین و ئاینزایی، ژینگەی کۆمەڵایەتی و چینوتوێژی وەرگر، تا بەپێی ئاستی وەرگرەکە گوتارەکە دابڕێژرێت[٢٦].

٣-جۆری وەرگر لەسەر بنەمای تێڕوانین: مرۆڤ بەشێکی گرنگی تێڕوانینەکانی دەربارەی بابەتەکانی ژیان لە دەوروبەرەکەیەوە وەردەگرێت، هەر لەو ڕوانگەیەشەوە لێکدانەوەی بۆ گوتارەکان دەکات. بۆ نمونە ئەگەر باسی جارِ (Reklamo) بۆخۆراکێک لە گوتارێکدا بێتە ئارا، هەندێك وەرگر بە (بابەتێك بۆ بەزیندومانەوە)، و هەندێکی تریش بە مانای بە (تەندروست مانەوە)، لەوەرگرتنی گوتارەکەدا مانای دەکەن. لەراستیدا هەردولا وەرگری گوتارن، بەڵام دو جۆرە تێڕوانینیان بۆ یەك گوتار هەیە.

٤-جۆری وەرگر لەسەر بنەمای بڕیار: لە پرۆسەی (بڕیاردان)دا، لای وەرگرەوە هەندێك پاڵنەر لەئارادان تا وەرگران بخاتەسەر ڕێچکەی بڕیاردان لەلایەنی (ڕازی، نارازی و بێلایەن)، ئەو یەکلایی کردنەوەیە لەسەربنەمای ئاستی بیرکردنەوە، هۆشیاری، بەرژەوەندییەکان، لای وەرگر دێتەئارا، گوتارنێری سەرکەوتو پێویستی بەهەمو ئەو زانیارییانە هەیە، بەرلە ناردنی گوتارەکەی بۆ وەرگر.

٥-لەسەر بنەمای داهات: لە ناردنی گوتاردا لای نێرەرەوە، پێویستە ڕەچاوی ئاستی داهاتی وەرگر لە داڕشتن و ناردنی گوتارەکەیدا بکات.

بەمانایەکیتر کاتێك گوتارێك سەبارەت بەهۆکارەکانی خۆپارێزی تەندروستی دەخرێتەڕو، ئەو وەرگرانەی گرفتی برسێتیان هەیە، کەمتر لا لەو گوتارە دەکەنەوە و هەروەها گوتارێك سەبارەت بە ژیانی شایستەو شاهانە دەکات، لای کەمداهاتەکانەوە وەرگیراو نابێت. بەو پێیە پێویستە بەرهەمهێنی گوتار ڕەچاوی ئەو دۆخە بکات، کە وەرگرەکانی تێیدا دەژین[٢٧].

دوەم: تایبەتمەندییەکانی وەرگر

بەپێی گۆڕان و گەشەی ئامرازەکانی گوتارنێری، وەرگرانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتوە و ناوی نوێیان لێنراوە، کە تایبەتمەندیەکانی لەم هەنگاوانەدا دەخرێتەڕو:

١-وەرگر وەك بەکارهێنەری گوتار: لە مێژوی دێرینی گوتارنێریدا بەرهەمهێنەرانی گوتار، وەرگریان وەك (کڕیار/ بەکاربەر) ناوبردوە و مامەڵەیان لەگەڵدا کردوە.

٢-وەرگر وەك (بەرهەم): دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن، لەگەڵ گەشەی ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەی وەرگران لەم تایبەتمەندیەدا، وەرگری وەك بەکاربەر بینیوە. بەومانایەی گوتارەکانیان بەشێوازێك دادەڕشت تا وەرگرانی کەمەندکێش بکەن، لەرێی زۆرکردنی وەرگرانیانەوە بازارێك بۆ بانگەشە بدۆزنەوە، لای ئەو وەرگرانەی کە گوتارەکانی کەناڵەکە وەردەگرن بەرهەمێکن جارسازان بەکێش دەکەن. یا لەڕوی ڕامیاریەوە کەناڵێکی پڕبینەر دەتوانێ زۆری ژمارەی وەرگران بکاتە بەرهەمێك و لەگەڵ لایەنێکی ڕامیاریدا لە هەڵبژاردنەکاندا مامەڵەیان پێوە بکات[١].

٣-وەرگر وەك (بەرهەمهێنەری گوتار): بەهۆی تەکنەلۆژیای نوێی ڕاگەیاندن، کۆمەڵگا لەوەرگرتنی پەیامەوە هەنگاوینا بەرەو بازنەی وەرگرتن و ناردنی گوتارەکان، لێرەدا نێرەر لەیەك کاتدا نێرەر و وەرگرە، بەهۆی ئەو زەمینە گونجاوەی کە بۆ وەرگر هاتۆتەئاراوە، جگە لەوەش فرەیی کەناڵ و سڕانەوەی سنوری کات و شوێنیش، وەرگریان بەیەکجاری ئازادکرد. لەهەڵبژاردن و وەرگرتنی گوتار و ڕەتکردنەوەیدا تا دوبارە ناردنەوەی بۆ نێرەر و سەرلەنوێ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی، گوتارەکە دابڕێژێتەوە[٢٨].

## بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی

پرۆسەی کاریگەرێتی وەرگر، ڕەهەندێکی بایەخداری بواری کردەی گەیاندنە لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کە لەکایەی بیرنامەیی و کردەییدا کاری لەسەرکراوە، واتا کاریگەرێتی وەرگر لەسەر بەرهەمهێنانی گوتاری ڕۆژنامەوانی کوردی، توێژەر لەکۆمەڵی توێژینەوەکەدا، بەشێوەی زانستی وەك مشت وەریگرتون تا بگاتە ئەنجامێک، هەوڵیداوە لەڕێگای ڕاپێوینامەوە ساغیان بکاتەوە. بەمشێوەیەی خوارەوە:

یەک: تایبەتمەندییەکانی بەرتوێژان و پرسە گشتییەکان

١- **ڕەگەزی بەرتوێژان:** زۆرینەی بەرتوێژان ڕەگەزی (نێرن)و لەپلەی یەکەمدان، ڕەگەزی (مێ) پلەی دوەمی وەگرتوە. بڕوانە خ(١).

| خشتەی (١): ڕەگەزی بەرتوێژان | | | |
|---|---|---|---|
| بڕگە | دوبارە | % | پلە |
| نێر | 57 | ٦١,٩٥٦ | یەکەم |
| مێ | 35 | ٣٨,٠٤٤ | دوەم |
| کۆی گشتی | ٩٢ | ١٠٠ | - |

٢- **باری کۆمەڵایەتی بەرتوێژان:** بەپێی ئەنجامەکان زۆرینەی بەرتوێژان بەپلەی یەکەم (سەڵت)ن، لەپلەی دوەمدا (خێزاندار)ن. بڕوانە خ(٢).

| خشتەی (٢): باری کۆمەڵایەتی بەرتوێژان | | | |
|---|---|---|---|
| بڕگە | دوبارە | % | پلە |
| سەڵت | ٥٠ | ٥٤,٣٤٨ | یەکەم |
| خێزاندار | ٤٢ | ٤٥,٦٥٢ | دوەم |
| کۆی گشتی | ٩٢ | ١٠٠ | - |

٣- **تەمەنی بەرتوێژان:** بەپێی ئەنجامەکان ئەو بەرتوێژانەی تەمەنیان لە نێوان (١٨ بۆ ٢٩)ساڵیدایە، لە پلەی یەکەمدان وئەوانەش کە تەمەنیان لە نێوان (٥٠ و زیاتر)دایە لە دواپلەی ڕێزبەندییەکەدان. بڕوانە خشتەی (٣).

| خشتەی (٣): تەمەنی بەرتوێژان | | | |
|---|---|---|---|
| بڕگە | دوبارە | % | پلە |
| ١٨ بۆ ٢٩ | ٣١ | ٣٣,٦٩٥ | یەکەم |
| 39 بۆ ٣٩ | ٢٣ | ٢٥ | سێیەم |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠ بۆ ٤٩ | ٢٥ | ٢٧,١٧٤ | دووەم |
| ٥٠ و زیاتر | ١٣ | ١٤,١٣١ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٩٢ | ١٠٠ | - |

**٤- ئاستی خوێندەواری:** ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمن و لەپلەی یەکەمدان و ئەوانەش کە بڕوانامەی (سەرەتایی)یان هەیە لەدواپلەی ڕێزبەندییەکەدان. بڕوانە خ(٤).

| خشتەی (٤): ئاستی خوێندنی بەرتوێژان | | | |
|---|---|---|---|
| بڕگە | دوبارە | % | پلە |
| سەرەتایی | ٢ | ٢,١٧٣ | هەشتەم |
| ناوەندی | ٨ | ٨,٦٩٥ | شەشەم |
| ئامادەیی | ١٢ | ١٣,٠٤٤ | سێیەم |
| دبلۆم | ٢٨ | ٣٠,٤٣٥ | یەکەم |
| بەکالۆریۆس | ٩ | ٩,٧٨٣ | پێنجەم |
| دپلۆمی باڵا | ١١ | ١١,٩٥٧ | چوارەم |
| ماستەر | ١٥ | ١٦,٣٠٥ | دوەم |
| دکتۆرا | ٧ | ٧,٦٠٨ | حەوتەم |
| کۆی گشتی | ٩٢ | ١٠٠ | - |

**٥- ئاستی بەکارهێنانی ئامرازە جیاجیاکان،** لای بەرتوێژان لە شەو و ڕۆژێکدا لە پلەی یەکەمدا (١-٢) کاتژمێر بوە، زۆربەی بەرتوێژان لە وئاستەدا بریتیبون لە ئەوکەسانەی ئاستی خوێندەواریان بەرزتربوە، دواپلەش (٥)کاتژمێرە. بڕوانە خ(٥).

| خشتەی (٥): ئاستی بەکارهێنانی ڕاگەیاندنەکان لە شەو ڕۆژێکدا | | | |
|---|---|---|---|
| بڕگە | دوبارە | % | پلە |
| یەك کاتژمێر | ١٦ | ١٧,٣٨٠ | سێیەم |
| ١ بۆ ٢ | ٣٩ | 42.511 | یەکەم |
| ٣ بۆ ٤ | ٣٠ | 32. 506 | دوەم |
| لە ٥ زیاتر | ٧ | 7.603 | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٩٢ | ١٠٠ | - |

**٦- ڕێژەی بەرز و پلەی یەکەمی بەرتوێژان** لە بەکارهێنانی کەناڵەکانی خوازراوی خۆیان بۆ وەرگرتنی گوتارەکان، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بوە لە پلەی یەکەمداو بەرێژەی(٦٥,٢١٧)یە، لەدواپلەدا (چاپکراوەکان و ڕادیۆ)یە. بڕوانە خ(٦).

| خشتەی (٦): ئەو کەناڵانەی زیاتر گوتارەکانی لێوەردەگریت | | | |
|---|---|---|---|
| بڕگە | دوبارە | % | پلە |
| چاپکراو | ١ | ١,٠٨٦ | سێیەم |
| ڕادیۆ | ١ | ١,٠٨٦ | سێیەم/د |

| | | | |
|---|---|---|---|
| تەلەفزیۆن | ٣٠ | ٣٢,٦٠٩ | دوەم |
| ت.کۆمەڵایەتییەکان | ٦٠ | ٦٥,٢١٩ | یەکەم |
| کۆی گشتی | ٩٢ | ١٠٠ | - |

## دو: پرسەکانی تایبەت بەبابەتی توێژینەوەکە:

یەك: کاریگەرێتی کۆزانین (مەعریفي):

کاریگەرێتی گوتارەکان لەسەرئاستی بیرکردنەوە و فراوانترو کراوەتربون: ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی زۆرینەی بەرتوێژان کە لە پلەی یەکەمدا لە (گەڵیدایە)، نزمترین پلەش ئەوانەن کە (لەگەڵیدانین)، ئەوەش مانای وایە گوتارەکان کاریگەرێتییان هەبوە. بڕوانە خشتەی (٧).

| خشتەی (٧): کاریگەرێتی گوتارەکان تێگەیشتنی قوڵیان لەسەرمەترسیەکان پێداوم | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٧ | . 478١٨ | ٩ | 9,784 | ٢٦ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٧ | 29. 347 | ٣٠ | 21,745 | ٤٧ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٩ | 9. 782 | ٥ | 5,436 | ١٤ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٣ | 3,260 | ١ | 1,08 | ٤ | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ١ | 1,086 | ٠ | ٠ | ١ | پێنجەم |
| کۆی گشتیی | ٥٧ | 61,953 | ٢٥ | 38,047 | ٩٢ | ١٠٠ |

٢- کاریگەرێتیەکانی گوتاری ڕۆژنامەوانی ئاستی زانیارییەکانی وەرگرانیان بەرانبەر بەمەترسییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان قوڵتر کردۆتەوەو تێگەیشتنی بۆ مەترسییەکان زیاتر کردوە، ڕێژەو پلەی یەکەم لە(گەڵیدان)و نزمترین ڕێژەو پلەش ئەو بەرتوێژانەن کە لە (هیچ گەڵیدا نین)، ئەمەش نیشانەی بەهێزی کاریگەرێتییەکە دەسەلمێنێت. بڕوانە خ(٨).

| خشتەی (٨): کاریگەرێتی گوتارەکان لەسەر پەرەپێدانی هوشیاری ژینگەیی | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ٢٠ | 21,739 | ١١ | 11,953 | ٣١ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٩ | 31,521 | ١٦ | 17,390 | ٤٥ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٨ | 8,695 | ٧ | 7,606 | ١٥ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٠ | ٠ | ١ | 1,096 | ١ | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| کۆی گشتیی | ٥٧ | 61,955 | ٣٥ | 38,045 | ٩٢ | 100 |

٣- کاریگەرێتی گوتارەکانی ڕۆژنامەوانی هۆکاربوە تا لەڕوی ئاسایش و ئارامییەوە، زیاتر دڵنیایین پێبەخشیوم. ئەنجامەکان ئاماژەن بۆئەوەی لەڕێژەو پلەی یەکەمدا (لەگەڵیدان)، ئەوەش سەلمێنەری بەهێزی ئەو کاریگەرێتییانەن لە ئارادابون. بڕوانە خ(٩).

| خشتەی (٩): کاریگەریی گوتارەکان لە هۆشیاریی ئاسایشی کۆمەڵگا | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٧ | 17,478 | ١٠ | 10,860 | ٢٧ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٧ | 29,347 | ١٩ | 21,730 | ٤٦ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٨ | 8,695 | ٤ | 4,357 | ١٢ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٢ | 2,173 | ٢ | 2,170 | ٤ | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٣ | 3,260 | ٠ | ٠ | ٣ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 60,953 | ٣٥ | 39,047 | ٩٢ | 100 |

٤- ئەنجامەکان ئاماژەن کە لەپلەی یەکەمدا دەربارەی کاریگەرێتییەکانی گوتارەکان لە سەر وەگران، بۆ پەیڕەدن بەماف و ئازادییەکانیان لە ژینگەی دەوروبەریاندا، دەبینرێت ڕێژەی بەرزو پلەی یەکەم لە(گەڵیدان)، دواپلەش (هیچ لەگەڵیدانین)، ئەوەش سەلمێنەری بەهێزی کاریگەرێتییەکەیە لەسەر وەرگران. بڕوانە خ(١٠).

| خشتەی (10): کاریگەرێتی گوتارەکان لەسەر پەیڕەدن بەماف وئازادییەکان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٥ | 16,304 | ١٠ | 10,869 | ٢٥ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٣ | 25 | ١٨ | 19,569 | ٤١ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ١١ | 11,956 | ٥ | 5,434 | ١٦ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٦ | 6,521 | ٢ | 2,174 | ٨ | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٢ | 2,173 | ٠ | ٠ | ٢ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,954 | ٣٥ | 38,046 | ٩٢ | 100 |

٥- کاریگەرێتی گوتارەکان کاتێک ڕوودەدەن، کە بەرژەوەندییەکانی وەگران لە کرۆکی گوتارەکاندا ڕەچاوکرابێت، ئەنجامەکان ئاماژەن کە ڕێژە بەرزو پلەی یەکەم (لەگەڵیدان)و دواپلەش(هیچ لەگەڵیدانین). ئەوەش ڕونکەرەوەی بونی کاریگەرێتییەکەیە. بڕوانە خ (١١).

| خشتەی (١١): کاریگەرێتی گوتارەکان و بەرژەوەندییەکانی وەرگران. | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٦ | 17,391 | ١٠ | 10,870 | ٢٦ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٢ | 23,913 | ١٦ | 17,393 | ٣٨ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ١١ | 11,956 | ٦ | 6,523 | ١٧ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٦ | 6,521 | ٣ | 3,260 | ٩ | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٢ | 2,173 | ٠ | ٠ | ٢ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,954 | ٣٥ | 38,046 | ٩٢ | 100 |

٦- کاریگەرێتی گوتارەکان، متمانەی منیان بەرانبەر ژینگەی دەوروبەرم لێ ئاڵۆز کردوم. ئەنجامەکان ئاماژەن بۆئەوەی ڕێژەی بەرزو پلەی یەکەم (لەگەڵیدانین)ە، دواپلەش (هیچ لەگەڵیدانین)ە، ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە کاریگەرێتییەکە لە ئاستێکی بەرزدایە. بڕوانە خ(١٢ ).

| خشتەی (١٢): کاریگەری گوتارەکان لەسەر متمانەی وەرگر لەهەمبەر ژینگەی کۆمەڵگا | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ٣ | 3,260 | ٤ | 4,347 | ٧ | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ١٢ | 13,043 | ١٢ | 13,046 | ٢٤ | سێیەم |
| دڵنیانیم | ١٨ | 19,565 | ١٠ | 10,868 | ٢٨ | دوەم |
| لەگەڵیدانیم | ٢٠ | 21,739 | ٩ | 9,785 | ٢٩ | یەکەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٤ | 4,347 | ٠ | ٠ | ٤ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,954 | ٣٥ | 38,047 | ٩٢ | 100 |

دو: کاریگەرێتییە ڕەفتارییەکان(السلوكية)

٧- کاریگەرێتی گوتارەکانی ڕۆژنامەوانی، هۆکاربون تا ئاستی بیرکردنەم کراوەترو فراوانتربێت. ئەنجامەکان ئاماژەن کە بەرزترین ڕێژە و لە پلەی یەکەمدا (لەگەڵیدان)ە و نزمترین ڕێژەوپلەش(هیچ لەگەڵیدانین )ە، ئەوەش دەیسەلمێنێت کە کاریگەرێتییەکە زۆربەهێزە. بڕوانە خ(١٣).

| خشتەی (١٣): کاریگەرێتی گوتارەکان لەسەر ئاستی بیرکردنەوەی وەرگران | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ٢١ | 22,826 | ١٥ | 16,306 | ٣٦ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٧ | 29,347 | ١٤ | 15,219 | ٤١ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٦ | 6,521 | ٥ | 5,435 | ١١ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٣ | 3,260 | ١ | 1,086 | ٤ | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,954 | ٣٥ | 38,046 | ٩٢ | 100 |

٨- لە برگەی کاریگەرێتییەکان، ڕەفتاری وەرگران سەبارەت شێوازی خستنەڕوی بابەتەو ڕوداوەکانی دەوروبەرم بەرەو باشترگۆڕیوەدا. بەرزترین ڕێژەوپلەی یەکەم (لەگەڵیدان)و دوا ڕێژەو پلەش (هیچ لەگەڵیدانین)ە، ئەوەش دەرخەری ئەوەیە کە کاریگەرێتییەکان لە پلەیەکی بەرزدان. بڕوانە خ (١٤).

| خشتەی (١٤): کاریگەرێتییەکان ڕەفتاری منیان لەسەر بابەتەکانی کە ڕودەدەن بەرەوباشتر گۆڕیوە | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٩ | 20,652 | ٩ | 9,783 | ٢٨ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٨ | 30,434 | ٢١ | 22,828 | ٤٩ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٦ | 6,521 | ٤ | 4,349 | ١٠ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٤ | 4,347 | ١ | 1,086 | ٥ | چوارەم |

| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,954 | ٣٥ | 38,046 | ٩٢ | 100 |

٩- لە برگەی کاریگەرێتی گوتاری ڕۆژنامەوانی، ڕەفتاری منیان لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندا، بەرەو بەرچاوڕونی زیاتر گۆڕیوە، ئەنجامەکان ئاماژەن ڕێژەکە وپلەی یەکەم (لەگەڵیدان)، نزمترین ڕێژە و دواپلەش(هیچ لەگەڵیدانین)ە، ســەلمێنەری بەهێزی ئەوکاریگەرێتییانەیە سەبارەت بە گوتارەکان. بڕوانە خ(١٥).

| خشتەی (١٥): کاریگەری گوتارەکان لەسەر بەرچاوڕونی وەرگر لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندا | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٦ | 17,391 | ١١ | 11,955 | ٢٧ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٦ | 28,260 | ٢٠ | 21,739 | ٤٦ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ١٠ | 10,047 | ٣ | 3,277 | ١٣ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٥ | 5,434 | ١ | 1,975 | ٦ | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,152 | ٣٥ | 38,948 | ٩٢ | 100 |

١٠- لە برگەی کاریگەرێتی گوتارەکانی ڕۆژنامەوانی، ڕەفتارەکانی منیان بەرەو باشـتربردوە لە جاران. ڕێژەی بەرز و پلەکەی لەیەکەمـدا (لەگەڵیدان) و (هیچ لەگەڵیدانین)، نزمترین ڕێژە و پلەیە. ئەوەش ئاماژەیە بۆ بەهێزی ئەو کاریگەرێتییانە. بڕوانە خ(١٦).

| خشتەی (١٦): کاریگەریی گوتارەکان لەسەر ڕەفتاری وەرگران بەرەو باشتربون | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٨ | 19,565 | ١١ | 11,958 | ٢٩ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٣ | 25 | ١٦ | 17,394 | ٣٩ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٥ | 5,434 | ٦ | 6,521 | ١١ | چوارەم |
| لەگەڵیدانیم | ١٠ | 10,869 | ٢ | 2,173 | ١٢ | سێیەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ١ | 1,086 | ٠ | ٠ | ١ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,954 | ٣٥ | 38,046 | ٩٢ | 100 |

١١- ئەنجامەکان ئاماژەی ئەوەن لەپلەی یەکەم (لەگەڵیدان) و لەپلەی دوەمدا (هیچ لەگەڵیدانین)، بۆ کاریگەرێتییەکان گوتارەکان لەڕوی ڕەفتارەوە هۆکارو هاندەر بون تا ململانێ دەرونییەکان بەڕاسـتەڕێدا ببات، ئەوەش دەیسـەلمێنێت کە کاریگەرێتییەکان ڕۆڵی کارایان هەبوە. بڕوانە خ(١٧).

| خشتەی (1٧): گوتارەکان هۆکاربون تا ململانێ دەرونییەکانم بەرەو ڕاستەڕێ ببەم | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٧ | 18,478 | ١٠ | 10,869 | ٢٧ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٣ | 25 | ١٧ | 18,478 | ٤٠ | یەکەم |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دڵنیانیم | ٧ | 7,608 | ٦ | 6,521 | ١٣ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٧ | 7,608 | ١ | 1,086 | ٨ | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٣ | 3,260 | ١ | 1,086 | ٤ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,954 | ٣٥ | 38,046 | ٩٢ | 100 |

١٢- کاریگەرێتییەکانی گوتارەکان نەیانتوانیوە وابکەن، لە ڕەفتارەکانمدا دەربکەوێت کە ئاســتی بیرکردنەوەم فراوانتربوە، بۆ بڕیاردان لەســەر ئەوانەی کە لەدەوروبەرمدا ڕودەدەن. ئەنجامەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی لەپلەی یەکەمدا (دڵنیانین)ە، لە دواپلەدا (هیچ لەگەڵیدانین)، دەیســـەلمێنن کە وەرگر نەیتوانیوە ئەو کاریگەرێتییانە بداتە دواوە کە لەڕێگەی ئەو گوتارانەوە دەکەونەسەری. بڕوانە خ(١٨).

| خشتەی (١٨): کاریگەری گوتارەکان لەسەر گۆڕینی ڕەفتار | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ٦ | 6,521 | ٤ | 4,349 | ١٠ | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ٩ | 9,782 | ٧ | 7,608 | ١٦ | سێیەم |
| دڵنیانیم | ٢٢ | 23,913 | ١٢ | 13,045 | ٣٤ | یەکەم |
| لەگەڵیدانیم | ١٧ | 18,478 | ١٠ | 10,869 | ٢٧ | دوەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٣ | 3,260 | ٢ | 2,175 | ٥ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,954 | ٣٥ | 38,046 | ٩٢ | 100 |

سێ: کاریگەرێتییە سۆزدارییەکان(العاطفیة)

١٣- لە پرسـیارێکی ڕاپرسـییەکەدا هاتوە کە (کاریگەرێتییەکانی گوتاری ڕۆژنامەوانی، ڕەشـبینیەکانی منیان بەرەو گەشـبینی زیـاتر بردوە). لە پلەی یەکەم ( گەڵیـدان) و نزمترین ڕێژەو پلەش (هیچ لەگەڵیـدانین)ە، ئەوە دەگەیـەنێـت کـە کاریگەرێتییەکە لەئاستێکی باڵادایە. بڕوانە خ(١٩).

| خشتەی (١٩): کاریگەرێتی گوتار لەسەر ئاراستەکردنی وەرگران بەرەو گەشبینی | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٧ | 18,478 | ١٥ | 16,306 | ٣٢ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٤ | 26,086 | ١٣ | 14,134 | ٣٧ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٦ | 6,521 | ٥ | 5,434 | ١١ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٥ | 5,434 | ٣ | 2,174 | ٧ | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٥ | 5,434 | ٠ | ٠ | ٥ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,953 | ٣٥ | 38,047 | ٩٢ | 100 |

١٤- کاریگەرێتی گوتارەکان، ئاستی متمانەبونی وەرگران بەرانبەر کۆی زانیارییەکانی.

بەپێی ئەنجامەکان لە پلەی یەکەمدا (لەگەڵیدان) و دواپلەش (هیچ لەگەڵیدانین). ئەوەش بونی کاریگەرێتی پشـتڕاسـت دەکاتەوە. بڕوانە خ (٢٠).

| خشتەی (٢٠): کاریگەرێتی گوتار لەسەر زیادکردنی متمانەی وەرگران | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٥ | 16,304 | ١١ | 11,957 | ٢٦ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٥ | 27,173 | ١٤ | 15,219 | ٣٩ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٦ | 6,521 | ٨ | 8,697 | ١٤ | سێیەمەم |
| لەگەڵیدانیم | ٨ | 8,695 | ٢ | 2,174 | ١٠ | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٣ | 3,260 | ٠ | ٠ | ٣ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,953 | ٣٥ | 38,047 | ٩٢ | 100 |

١٥- بەپێی ڕاپرسییەکە، کاریگەرێتی گوتارەکان، ئاستی دڵەڕاوکێی وەرگرانیان بەرانبەر ڕوداوەکانی دەوروبەر کەمکردۆتەوە. بەپێی ئەنجامەکان ڕێژەکە لە پلەی یەکەم (لەگەڵیدان)و دواپلەش (هیچ لەگەڵیدانین)، کەواتە ئاستی ئەو کاریگەرێتییانە بەرزن. بڕوانە خ (٢١)

| خشتەی (٢١): کاریگەرێتی گوتارەکان لەسەر دڵەڕاوکێی وەرگران | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٤ | 15,217 | ١٤ | 15,217 | ٢٨ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٣ | 25 | ١٣ | 14,135 | ٣٦ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٩ | 9,782 | ٨ | 8,696 | ١٧ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٩ | 9,782 | ٠ | ٠ | ٩ | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٢ | 2,173 | ٠ | ٠ | ٢ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,954 | ٣٥ | 38,046 | ٩٢ | 100 |

١٦- کاریگەرێتییەکان مکوڕانەتر هانیانداوم تا ئاستی سۆزداریم بەرانبەر ئەوانیتر زیاتر ئەرێنی بێت.ئەنجامەکان ئاماژەن لە ڕێژە و پلەی یەکەمدا (لەگەڵیدان)، وە دواپلەش(هیچ لەگەڵیدانین)، نزمترین ئاستی وەرگرتوە. ئەوەش بەهێزی کاریگەرێتییەکە دەخاتەڕو لەسەر وەرگران. بڕوانە خ(٢٢).

| خشتەی(٢٢): کاریگەرێتی گوتارەکان لەسەر ئاستی سۆزداریی ئەرێنی وەرگران | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٥ | 16,304 | ١١ | 11,958 | ٢٦ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢١ | 22,826 | ١٥ | 16,305 | ٣٦ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٩ | 9,782 | ٦ | 6,523 | ١٥ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٨ | 8,695 | ٣ | 3,260 | ١١ | چوارەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٤ | 4,347 | ٠ | ٠ | ٤ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,954 | ٣٥ | 38,046 | ٩٢ | 100 |

١٧- ئاماژەکان بۆ بڕگەپرسیاری کاریگەرێتی گوتارەکان لەسەر ئاستی لابون (ئیتنیما)ی وەرگران بۆ نەتەوە و نیشتمان زیاتر کردوە. لە ڕێژە و پلەکەی لە ڕێژەو پلەی یەکەمدا (لەگەڵیدان)، دواپلەش بۆ (لەگەڵیدانین)ە، سەلمێنەری ئەوەیە کە کاریگەرێتییەکە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. بڕوانە خ (٢٣).

| خشتەی (٢٣): کاریگەرێتی گوتارەکان لەسەر ئینتیما بۆ نەتەوەو نیشتمان | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٥ | 16,304 | ١٣ | 14,134 | ٢٨ | دوەم |
| لەگەڵیدام | ٢٧ | 29,347 | ١٤ | 15,216 | ٤١ | یەکەم |
| دڵنیانیم | ٦ | 6,521 | ٥ | 5,436 | ١١ | سێیەم |
| لەگەڵیدانیم | ٣ | 3,260 | ١ | 1,086 | ٤ | پێنجەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٦ | 6,521 | ٢ | 2,175 | ٨ | چوارەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,953 | ٣٥ | 38,047 | ٩٢ | 100 |

١٨- کاریگەرێتییەکان توانیویانە لە ڕوی سۆزدارییەوە واملێبکەن، ئاستی ڕەشبینییەکانم بەرەو گەشبینی زیاتر ببەم، بەرزترین ڕێژەو لەپلەی یەکەمدا (لەگەڵیدان)ە، نزمترین ڕێژەو پلەش (هیچ لەگەڵیدانین)ە، ئەو ڕێژەو پلەیەش ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە کاریگەرێتی لەسەر وەرگر بونی هەبوە. بڕوانە خ(٢٤).

| خشتەی(٢٤): کاریگەرێتی گوتارەکان لەسەر ئاراستەی ڕەشبینی بەرەو گەشبینی | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئەگەرەکان | نێر | % | مێ | % | کۆ | پلە |
| تەواو لەگەڵیدام | ١٠ | 10,869 | ٢ | 2,175 | ١٢ | چوارەم |
| لەگەڵیدام | ١٠ | 10,869 | ١ | 11,958 | ٢١ | سێیەم |
| دڵنیانیم | ١٦ | 17,391 | ١٠ | 10,869 | ٢٦ | دوەم |
| لەگەڵیدانیم | ١٨ | 19,565 | ١٠ | 10,869 | ٢٨ | یەکەم |
| هیچ لەگەڵیدانیم | ٣ | 3,260 | ٢ | 2,175 | ٥ | پێنجەم |
| کۆی گشتی | ٥٧ | 61,954 | ٣٥ | 38,046 | ٩٢ | 100 |

**ئەنجامەکانی توێژینەوە**

-کاریگەرێتییەکانی گوتاری ڕۆژنامەوانی، لەئاستێکی بەرزدایە و وەڵامی (بەرتوێژەکانیش) پشتڕاستی ئەو کاریگەرێتییانەیان سەلماندوە.

-گوتارەکانی ڕاگەیاندنی هەرێم، توانیویانە ئاراستەی (کۆزانین و ناسەنی، ڕەفتاری، سۆزداری)ی وەرگر بەو ئاراستەیەدا بگۆڕن کە مەبەستیانە.

-میدیاکان کاریگەرییان لەسەر ئینتیماکانی وەرگر بۆ بابەتە هەنوکەیی و گرنگەکان هەبوە.

-وەرگرانی گوتاری ڕۆژنامەوانی، بۆچونی جۆراوجۆریان لەسەر ئاراستەی میدیاکان هەیە.

-میدیاکان جۆری پەیامەکانیان بەپێی سیاسەتی خۆیان داڕشتوە، ئەمەش فرەبۆچون لەناو وەرگراندا دروست کردوە.

-گوتاری هاوبەش لەناو ڕاگەیاندنی کوردیدا لەهەمبەر مەسـەلە چارەنوسـازە نیشـتیمانییەکاندا بەئاسـتێکی لاواز دادەنرێت.

## ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

-بەهۆی کاریگەرێتی گوتاری ڕۆژنامەوانی لەسـەر وەرگر، پێویسـتە دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن هەوڵی تەواو بدەن لەڕوی پەروەردەی ڕاگەیاندنکارانیان لەسەر وەرگرناسیی و شێوازی دارشتن و ناردنی گوتار.

-بۆ کارکردن لەسـەر کاریگەرێتی گوتار لەسـەر وەرگر، ناوەندە ئەکادیمیەکانی ڕاگەیاندن، چڕترو بەرفراوانتر کاری لەسـەر بکەن، خوێندکاران لەسەربایەخدان بەڕەهەندەکانی کاریگەرێتی باشتر پەروەردە بکەن.

-ناوەندەکانی توێژینەوەو دامەزراوەکانی بواری ڕاگەیاندن، پێویسـتە ئاگاداری ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەبن کە لە بواری گوتار و کاریگەرێتییەکانیدا لەسـەر وەرگران، بەهۆی تەکنەلۆجیای ڕاگەیاندن و گەیاندنی ئەمڕۆوە پەیدابوە و کاریان لەسەر بکەن.

-پێویسـتە ناوەندە ئەکادیمییەکان بەمیتۆد و شـێوازی جۆراوجۆر، توێژینەوەی فراوانتر لەسـەر کاریگەرێتی گوتاری ڕۆژنامەوانی لەسەر وەرگر ئەنجام بدەن.

-پارلەمانی کوردسـتان بۆ باشـترکردنی دۆخی گوتاری ڕاگەیاندن لە مەسـەلە چارەنوسـازەکاندا، پێویسـتە یاسـای نوێ دەربکات.

-وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان، پێویسـتە بڕیار و ڕێنمایی بۆ بەرچاوڕونی زیاتری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسـان دەربکەن.

## سەرچاوەکان


ابومزيد، رجاء يونس (٢٠١٢): تحليل الخطاب الاعلامي، الجامعة الاسلامية غزه، كلية الآداب، فلسطين.

جينيت، جيرار (٢٠٢٠): خطابه الحكايه، ترجمه محمد معتصم وعلى المللى وعبدالجليل الارمى، المجلس الاعلاء للثقافة، دبي.

روبول، اوليفى (٢٠١٧): مدخل الى الخطابه، ترجمه رضوان العصبه، افريقيا الشرق، المغرب، دار البيضاء.

الشاعر، ديمه (٢٠١٠): التأثير بالاخرين والعلاقات العامة، الاكاديمية السورية الدولية، ديمشق.

معلم، وردة (٢٠١٦): محاضرات في مقياس تحليل الخطاب، الجمهورية الجزائرية الديمقراطية الشعبية.

هاريس، مارفن (٢٠١٧): مقدسـات و محرمات الفاز الثقافه، ترجمه احمد م. احمد، المركز العربى للأبحاث، قطر.

يقطين، سـعيد (١٩٩٧): تحليل الخطاب– الروائى (الزمن، السرـد، التبئير)، المركز الثقافي العربي للطباعة والنشرـ والتوزيـع، دار البيضاء – المغرب، ط٣.

آمال، شـويه (٢٠١٨): الخطاب الاعلامى لقناتى الجزيرة القطرية والعربية السـعودية (خلال الأزمة الخليجية – دراسة مقارنة)، مذكرة تخرج لحصول على شهادة الماستر في علوم الاعلام والاتصال – تخصص سمعي بصري، جامع الشهيد حمه لخضر – الوادى، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، قسم العلوم الانسانية، الجزائر.

بوداود، لاميه (٢٠١٩): تحليل الخطاب المينى روائى فى الجزائر، مذكرة مكملة لنيل درجة الماجستير في الادب العربي، الجزائر ٢٠١٨.
حسن، هيمن مجيد (٢٠٠٩): مناهج البحث العلمي، كراس لتعليم منهج البحث العلمي في المراحل الجامعية غير منشورة.
سلطاني، هناء (٢٠١٧): استخدام القائم بالاتصال للأساليب الاقناعية في الخطاب الديني، مذكرة مكملة شهادة الماستر في علوم. (الاعلام والاتصال، اختصاص اتصال وعلاقات عامة، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي).
جامعة العربي بن مهيدي – أم البواقي، الجزائر.
شعبان، حنان (٢٠٠٨): اثر الفواصل الاشهارية التلفزيونية على عملية التلقي، مذكرة لنيل شهادة ماجستير في علوم الاعلام والاتصال، جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسية والاعلام، قسم علوم الاعلام والاتصال، الجزائر.
شومان، محمد (٢٠٠٧): الخطاب الاعلامي (أطر نظريهة ونماذج تطبيقية)، المكتبة الاعلامية، الدار المصرية – اللبنانية، القاهره.
نورالدين، حليم (٢٠١٨): انماط الخطاب الاشهاريه فى الصحافة المكتوبة، جامعة مولود معرى، كلية الادارة واللغات، قسم اللغة والادب العربي، مذكرة لنيل شهادة الماجستير، الجزائر.
اربطانى، روشندل (١٣٩٦):: مديريت رسانه (مفاهيم، نظريه هاو رويكردها)، انتشارات دانشگاه تهران، چاپ سوم، تهران.
اسماعيلى، هادى (١٣٨٥): مطالعه تحليلى سبك زندگى مصرف گرا، نشرنى، تهران.
اصغرنيا، على و رحمان سعيدى (١٣٨٢): ارتباط (تبليغ و اقناع)، مؤسس انتشارات روزنامه ايران، تهران.
اكبرى، كورش (١٣٩٧): هنر جذب مخاطب، گوهر دانش، تهران.
بشير، حسن (١٣٨٤): تحليل گفتمان دريچه اى براى كشف ناگفته‌ها، انتشارات دانشگاه امام صادق، تهران، چاپ چهارم.
تئون اى و ون دايك (١٣٨٩): مطالعات در تحليل گفتمان، ترجمه امير فخرايى و ديگران، مركز مطالعات و تحقيقات رسانه‌ها، تهران.
فرقانى، محمد مهدى (١٣٨٢): درآمدى بر ارتباطات سنتى در ايران، مركز مطالعات وتحقيقات رسانه‌ها، تهران.
ل. بنوا، ويليام (١٣٨٩): فرآيند تأثير گذارى پيام هاى اقناعى، مترجمان نيكو سركيسيان و مينو واژگن، ناشر سروش، تهران.
مازندرانى، محمد جواد زاهدى (١٣٨٢): فرهنگ علوم اجتماعى، انتشارات مازيار، تهران.
مخاطب‌شناسى در نشريات دانشجويى (١٤٠١): قرارگاه شهيد باقرى، تهران.
مك دانيل، دايان: مقدمه بر نظريه‌هاى گفتمان، ترجمه حسين على نوذرى، تهران ١٣٨٠.
مك كوايل، دنيس (١٣٨٩): مخاطب شناسى، مركز مطالعات و تحقيقات رسانه، تهران.
مينايى، حسين (١٣٩٨): مخاطب شناسى، مركز مطالعات وتحقيقات رسانه، تهران.
وزارت اموزش وپرورش (١٣٩٥): تفكر سواد رسانه‌اى، سازمان بژوهش و برنامه ريزى اموزشى، تهران.
ويندان سون وهمكاران (١٣٩٠): كاربرد نظريه‌هاى ارتباطات، ترجمة عليرضا دهقان، انتشارات مركز مطالعات وتحقيقات رسانه، تهران.

بشـير، حسـن (١٣٨٩): مبانى نظرى وعملى اقناع ومجاب سـازى، فصـلنامه مطالعات بسـيج، سـال دوازدهم، شماره ٤٥٥، تهران.

جهانى ڕاد و هيثم ڕشـــيد خلف وحجت الله (١٣٩٨): تحليل جغرافيا فرهنگى، فصـــلنامه دفاع مقدس، دوره ٥، شماره (٤) پياپى (٢٠)، تهران.

مجيدى، حســـن و ڕاحله قنبرى (١٣٩١): جايگاه مخاطب در ســـياســـت گذارى خبرى، فصـــلنامه مطالعات وتحقيقات ڕسانەها، سال بيست و دوم، شماره ١، تهران.

خواجەئيان، داتيس وافشـــين اميدى واســـماعيل نوروزى: درگيرســـازى مخاطب در رســـانەها (آرائەچارچوبى مفهومى)، فصلنامه، سال سى ام، شماره ٣، تهران.

محبى، كيوان (١٣٩٠): اصول ڕوش تحقيق، پژوهشكده تحقيقات راهبردى، تهران.

محمدنژاد، عباس و عباس على جبارى، محمد شـــاه محمدى (١٤٠٠): راهكارهاى ارتقاى اعتماد مخاطب به رسانه ملى، فصلنامه علمى أمنيت ملى، سال يازدهم، شماره چهل و دوم، تهران.

ميرهادى، محمد ڕضـــا (ســـيد)، فاطمه معتمدنژاد لنگرودى، فرشـــته معتمد لنگرودى (١٣٩٩): جســـتارى در راهكارهاى مؤثر بر اقناع مخاطب، فصلنامه علمى فرهنگى رضوى، شماره ٣٠.

Brianj. Fogg, (2002): persuasive technology: Using computer was to change wat we think and doubiguity.

laire Beyou( 2003) :Management des connoissanes, EDLIAS, Paris.

Zelliy, Harris (1962): Discourse Analysis, in Language.

پەراوێزەکان

* شارەزاكان بريتى بون له بەڕێزان:

١- پ.د. عومەرئەحمەدڕەمەزان: زانكۆى سلێمانى، كۆلێژى زانستەمرۆڤايەتييەكان، بەشى ڕاگەياندن، ميدياى نوێ.

٢- پ.ی. د، كاروان محەمەد حەسەن: زانكۆى سلێمانى، كۆلێژى زانستەمرۆڤايەتييەكان، بەشى ڕاگەياندن.

٣- د. چۆلى ئەسعەد: زانكۆى پۆليتەكنيک، پەيمانگاى تەكنيكى سلێمانى، بەشى تەكنيكى ميديا.

٤- د. كاميل عومەر: زانكۆى سلێمانى، كۆلێژى زانستەمرۆڤايەتييەكان، بەشى ڕاگەياندن.

٥- د. هونەر ڕەسوڵ: زانكۆى پۆليتەكنيک، پەيمانگاى تەكنيكى سلێمانى، بەشى تەكنيكى ميديا.

[١] - ميرهادى، ســـيد محمد رضـــا، فاطمه معتمدنژاد لنگرودى، فرشـــته معتمد لنگرودى: جســـتارى در راهكارهاى مؤثر بر اقناع مخاطب، فصـــلنامه علمى فرهنگى رضوى، شماره ٣٠، تابستان ١٣٩٩ تهران ص ٣٣-٣٤.

[*] ناردن و وەرگرتن له گوتاردا، كردەيەكى دو لايەنەيە، له نێوان نێرەرو وەرگردا. هەردولا لێك نزيكيەك له نێوانياندا دێته ئاراوە، هاندان بۆ قايلكارى وەرگر له لايەن نێرەر ياخود كەناڵێكەوە، هۆكارێكه تا وەرگر هانبدات گوتارەكه بخوێنێتەوەو گەر بەرژەوەندى و ئارەزوەكانى خۆى تێدا دۆزيەوە، بەردەوام بێت له وەرگرتنى گوتارەكه (على اصغرنيا و رحمان سعيدى: ارتباط (تبليغ و اقناع)، مؤسس انتشارات روزنامه ايران، تهران ١٣٨٢، ص ١٨٠.

[٢] - فرقانى، محمد مهدى: درآمدى بر ارتباطات سنتى در ايران، مركز مطالعات وتحقيقات رسانەها، تهران ١٣٨٢، ص ١٠٧.

[٣] - فرقانى، محمدمهدى: م پ، ص١٨.

[٤] - الشاعر، ديمه: التأثير بالاخرين والعلاقات العامة، الاكاديمية السورية الدولية، ديمشق. ٢٠١٠، ص١٢.

[٥] - الشاعر، ديمه: م.س، ص٢٣.

[٦]- شعبان، حنان: اثر الفواصل الاشهارية التلفزيونية على عملية التلقي، مذكرة لنيل شهادة ماجستير في علوم الاعلام والاتصال، جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسية والاعلام، قسم علوم الاعلام والاتصال، الجزائر ٢٠٠٨-٢٠٠٩، ص٦٨.

٧- مخاطب شناسى: مركز قرارگاه شهيد باقرى، جزوه مطالعاتى، تهران ١٣٨٧، ص٢٤.

١- الشاعر، ديمه: التأثير بالاخرين والعلاقات العلامة الاكاديمية السوريه الدولية، دمشق ٢٠١٠، ص١٢.

٢- سون، ويندان وهمكاران: كاربرد نظريەهاى ارتباطات، ترجمة عليرضا دهقان، انتشارات مركز مطالعات وتحقيقات ڕسانه، تهران ١٣٩٠، ص٢٧١.

*د هيمن مجيد حسن: مناهج البحث العلمي، كراس لتعليم منهج البحث العلمي في المراحل الجامعية غير منشورة ٢٠٠٨- ٢٠٠٩، ص١٢.

[٣]- سون، ويندان وهمكاران: كاربرد نظريەهاى ارتباطات، ترجمه عليرضا دهقان، انتشارات مركز مطالعاتو تحقيقات رسانه" تهران ١٣٩٠، ص ٢٧٤.

٤- الشاعر، ديمه: م. س، ص ١٣.

[١١]- آمال، شويه: الخطاب الاعلامي لقناتي الجزيرة القطرية والعربية السعودية (خلال الازمة الخليجية)، دراسة مقارنة تحليلية، جامعة حمد لخضير – الوادي، كلية العلوم الانسانية – قسم العلوم الانسانية، الجزائر ٢٠١٧-٢٠١٨، ص٤٤.
[١٢]- مك دانيل، دايان: مقدمه برنظريه‌هاى گفتمان، ترجمه حسين على نوذرى، تهران ١٣٨٠، ص ٢٩.
[13]- Zelliy, Harris: Discourse Analysis, in Language, 1962, p 31.
[14]- E. Benveist.

[١٥]- له ناردنی گوتاری ڕۆژنامەوانیدا ڕەگەزەکان، له ڕەگەزە جێگیرو ناجێگیرەکان پێکدێن:
- جێگیرەکان: (نێرەر، پەیام، کەنال، وەرگر)، هەریەك لەو ڕەگەزانە لە ئارادا نەبێت ئەوا کردەی گەیاندنەکە ڕونادات.
- ناجێگیرەکان: بریتین لە (کاریگەریتی، ژاوەژاو، پێچەدەنگ)، ئەگەر لە ئاراشدا نەبن، کردەی گەیاندنی گوتارەکە هەر ڕوەدەدات.
[١٦]- هاريس، مارفن: مقدسات و محرمات الفاز الثقافه، ترجمه احمد م. احمد، المركز العربى للأبحاث والدراسة السياسات، قطر ٢٠١٧، ص ٢١.
[١٧]- جينيت، جيرار: خطابه الحكايه، ترجمه محمد معتصم وعلى المللى وعبدالجليل الارمى، المجلس الاعلا للثقافة، دبي ٢٠٢٠، ص ٤٥ - ٤٦.
[١٨]- توێژەر.
[١٩]-اساسيات تحليل الخطاب الاعلامى، مجلة اوراق ثقافية، السنة الرابعة، العدد التاسع عشر، بيروت – لبنان ٢٠٢٢، ص ١٨٢.
[٢٠]- ابو مزيد، رجاء يونس: تحليل الخطاب الاعلامي، الجامعة الاسلامية غزه، كلية الآداب، قسم الصحافة والاعلام، فلسطين ٢٠١٢، ص ١٤ - ١٥.
[٢١]- آمال، شويه: الخطاب الاعلامى لقناتى الجزيرة القطرية والعربية السعودية (خلال الأزمة الخليجية – دراسة مقارنة)، مذكرة تخرج لحصول على شهادة الماستر في علوم الاعلام والاتصال – تخصص سمعي بصري، جامع الشهيد حمه لخضر – الوادى، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، قسم العلوم الانسانية، الجزائر ٢٠١٧ – ٢٠١٨، ص ٤٧.
[٢٢]- مك كوايل، دنيس: مخاطب شناسى، مركز مطالعات و تحقيقات رسانه، تهران ١٣٨٩، ص ٤ - ٥.
[٢٣]- اكبرى، كورش: هنر جذب مخاطب، گوهر دانش، تهران ١٣٩٧، ص ٦٩.
[٢٤]- بيچرانلو، عبدالله: عوامل مؤثر بر جذب مخاطبان، به سريال هاى تلويزيونى ماهواره‌اى، فصلنامه رسانه، سال ٢٧، شماره ٢، تهران ١٣٩٥، ص٥٥.
[٢٥]- احمد، هبه عبدالمعز: تحليل الخطاب، مؤسسة النور للثقافقة والاعلام، جامعةجنوب الوادى، الجزائر ٢٠١٩/٣/٣.
[٢٦]- جهانى راد، هيثم رشيد خلف وحجت‌الله: تحليل جغرافيا فرهنگى، فصلنامه دفاع مقدس، دوره٥، شماره (٤)، زمستان ١٣٩٨ تهران، ص ٨٤.
[٢٧]- ناهيده خوش نويس، م پ، ص ٩
[٢٨]- على بيدار مغز: م. پ، ص١٢.